# خۆتان لە میز پاک ڕابگرن، چونکە زۆرینەی سزای گۆڕ بە هۆی ئەوەیە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر-صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خۆتان لە میز پاک ڕابگرن، چونکە زۆرینەی سزای گۆڕ بە هۆی ئەوەیە».
[صەحیحە] [دارەقوطنی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەم فەرموودەیەدا یەکێک لە هۆکارەکانی سزای ناو گۆڕمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە زۆریش بڵاوە، ئەویش بریتیە لە خۆ پاک نەکردنەوە وخۆ پاک ڕانەگرتن لە میز و(پرشی میز)، واتە هۆکاری سزاکە بریتیە لە: گوێنەدان بە شۆردنی ئەو ئەندامانەی پیسیایی (میز وپاشەڕۆک) یان لێوە دەردەچێت پاش چوونە سەر ئاو، یان گوێ نەدان بەوەی کە پرشی میز بەر جلەکەت بکەوێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10044

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee